# ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەی چوار حزبە کوردستانیەکە

سەعات (11)ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ شەممە ڕێکەوتی 2008/2/23 کۆبونەوەی سەرکردەی چوار حزبە کوردستانیەکە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان گرێدرا بە مەبەستی بیروڕا ئاڵو گۆڕ کردن لەسەر چەند تەوەرەیەکی پەیوەست بە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان،و پرۆژەی چاکسازی چوار حزبەکە .

سەرەتا کۆبونەوەکە لەسەر لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان وبەزاندنی سنورەکانی سیادەی عێراق راوەستا، کە بووەتە هۆی تۆپباران کردنی ژمارەیەك گوندی ناوچەکە وئاوارە بوونی دانیشتوانی وتێکدانی ژمارەیەك پرد و ڕێگا وبانە گشتیەکان .

کۆبونەوەکە لە کاتێکدا ئەم پێشێلکاریە زەق وئاشکرایە مەحکوم دەکات وداواکارە کە هەرچی زوترە ئەم هێرش ولەشکرکێشیە راگیرێت وسەروماڵ وژیانی خەڵکی مەدەنی وبێ دیفاعی ناوچەکە بپارێزێ، وسوپای تورکیا هەرچی زووە بکشێتەوە ناو سنورە نێودەوڵەتیەکانی خۆی ، چونکە پێمان وایە تەنها ڕێگەی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکان دانوستان وگرتنە بەری ڕێگای ئاشتی وفەراهەمکردنی مافە سیاسی ومەدەنیەکانی گەلی کوردە لە ناو وڵاتی تورکیا .

تەوەرەیەکی تری کۆبونەوەکە تایبەت بوو بە تاوتوێ کردنی پرۆژەی گەڵاڵە کراوی حزبەکان و وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی لەسەر ناوەرۆك وبەش وبڕگەکانی ، بەمەبەستی بەرز کردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشە وگرفتەکانی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان.

- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان .
- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان .
- حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان .
- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان .